دەزگای ئاسایشی هەرێم دەستگیرکردنی تیرۆرستێکی داعش رادەگەیەنێت

دەزگای ئاسایشی هەرێم رایگەیاند، هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئۆپراسیۆن بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای دژە تیرۆری عێراق، تیرۆرستێکی سەر بە ڕێکخراوی داعشیان دەستگیرکرد.

دەزگای ئاسایشی هەرێم لە راگەیەنراوەکدا باویکردەوە، بەڕێوەبەرایەتی ئۆپراسیۆنەکانی دەزگای ئاسایشی هەرێم، بەهەماهەنگی لەگەڵ دەزگای دژەتیرۆری عێراق توانیان تیرۆرستێک لەسنوری گوندی (چیمەن)ی پارێزگای کەرکوک دەستگیربکەن.

ئاماژە بەوەشکراوە، لەسەر بنەمای ئاوگۆڕی زانیاری هەواڵگری دەزگا ئەمنییەکانی عیراق و دەزگای ئاسایش، هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئۆپراسیۆنەکانی دەزگای ئاسایشی هەرێم، توانیان شوێنی خەڵشاردانی داواکراوەکی داعش بدۆزنەوە و چاودێری بکەن.
ئەوەشخراوەتەوە، تیرۆرستەکە ناوی (ج م ج) بەگەڕ عەرەب و پلەی سەربازی هەبوە لەناو ڕێکخراوی داعش، لەگەڵی وڵاتی سوریاوە هاتتە عێراق، بە بەیاری دادوەر توانرا لەڕۆژی 4ی مانگی (ئازار/3) دەستگیربکرێت